**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٢١٧ - ٢٥ لە ٢٠٢٥/٦/١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**مۆڵەتی سزادراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی(١):**

پێدانی مۆڵەت بەپێی پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتیە و لە پێناو کەمکردنەوەی ڕۆتین و بەپێی ماددەی حەوت بڕگەی (هەشتەم) هەمان پەیڕەو بۆی هەیە دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بدات بە بەڕێوەبەری چاکسازیەکان و ساڵانە بۆیان نوێ بکاتەوە .

**ماددەی(٢):**

پێدانی مۆڵەت هەموو سزادراوانی (گەورە ونەوجەوان) دەگرێتەوە ئەوانەی عێراقین و دانیشتووی هەرێمی کوردستانن و لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان ماوەی حوکمیان بەسەر دەبەن جگە لەو سزایانەی کەلە ماددەی(چل) خاڵی(١،٢،٣) لە سیستەمی چاکسازی دا هاتووە .

**ماددەی (٣):**

ماوەی مۆڵەت دەبێت لە (٥) پێنج ڕۆژ تێپەر نەکات جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوە .

**ماددەی (٤):**

پێویستە سزادراو چارەکی ماوەی سزاکەی لە ناو چاکسازی بەسەر بردبێت کە لە ساڵێک کەمتر نەبێت پاش لێدەرکردنی ماوەی ئازادکردنی بە مەرج و هەر سێ مانگ جارێک ئەم مۆڵەتەی پێ دەدرێت .

**ماددەی(٥):**

پێکهێنانی لیژنەیەکی سێ کەسی لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی لە (توێژەری کۆمەڵایەتی ویاسایی و هێزی جێبەجێکار)بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دیاری کردنی پارەی بارمتە بەپێی ماوە و جۆری سزاکە و پێویستە و بەکۆی دەنگ بێت و بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەر بۆ پەسەندکردنی .

**ماددەی(٦):**

**یەکەم:** دانانی دوو کەفیل (دەستەبەر)ی بە پەسەندکردنی دادنووس و هاونیشتەجێی شار یان شارۆچکەی سزادراو بن وە دانانی بارمتەی دارایی کە بریتی دەبێت لە پارەی کاش لە بانک بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئەو شارەی ب.چاکسازی لێیە کە لە بڕی (١٥) پازدە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت وە لە بڕی (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت وە نیشانەی گڵدانەوەی (حجز) بخرێتە سەر موڵکێکی نەگوازراوە کە نرخەکەی لە(٥٠)ملیۆن دینار کەمترنەبێت , وە گەڕانەوەی بارمتەکە تەنها بە واژووی بەڕێوەبەر دەبێت .

**دووەم:** بۆ مۆڵەتدانی بازرگانی ماددەی هۆشبەر دانانی دوو کەفیل (دەستەبەر)ی بەپەسەندکردنی دادنووس و هاونیشتەجێی شار یان شارۆچکەی سزادراو بن ، وە دانانی بارمتەی دارایی کە بریتی دەبێت لە پارەی کاش لە بانک بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئەو شارەی ب.چاکسازی لێیە بە بڕی(٥٠،٠٠٠،٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار , وە نیشانەی گلدانەوەی (حجز) بخرێتە سەر مولکێکی نەگوازراوە کە نرخەکەی لە (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و مولکەکەی لە ناوەندی پارێزگاکان بێت ، وە گەڕانەوەی بارمتەکە تەنها بە واژووی بەڕێوەبەر دەبێت .

**ماددەی(٧):**

لە کاتی دواکەوتنی سزادراوی مۆڵەتدراو لە گەڕانەوە بۆ چاکسازی بۆ ماوەیەک کە تێپەڕ نەکات لە (٣) سێ رۆژ بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی بۆی هەیە ئەم ماوەیە بخاتە سەر ماوەی سزاکەی ئەگەر دڵنیا بوو لە بوونی هۆی دروست بۆ دواکەوتنەکە، یان ماوەکە دەخاتەسەر ماوەی سزاکە و مۆڵەت پێدانی بۆ ماوەیەک لێ قەدەغە دەکات ئەگەر دڵنیا نەبوو لە هۆکاری دروست .

**ماددەی (٨):**

هەر سزادراوێک بە پتر لە یەک تاوان سزادرابوو و یەکێک لەو سزایانە رێگر بوو لە پێدانی مۆڵەت پێویستە تا ئەو سزایە تەواو نەکات مۆڵەتی پێ نەدرێت .

**ماددەی (٩):**

هەرسزادراوێک دەست رەنگین بێت وە سوود بە چاکسازی بگەیەنێت ، یان لە کاتی درێژەدان بەخوێندن لە ناو چاکسازی بە پلەی زۆر باش قۆناغەکانی خوێندن ببڕی بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری و رەزامەندی بەڕێوەبەر سەرەرای پێدانی مۆڵەتی ئاسایی مۆڵەتی داهێنان (أجازة المبدعين) بداتە ئەو سزادراوانە بە هەمان مەرج و رێککاری ئاماژەپێکراو لە خاڵەکانی سەرەوە و لە ساڵێکدا تەنها یەک جار .

**ماددەی (١٠):**

هەرسزادراوێک بۆ (٣) سێ جار دوابکەوێت لە گەڕانەوە لە مۆڵەت بێ هۆکاری دروست ورەوا مۆڵەتی لێ قەدەغە دەکرێت .

**ماددەی(١١):**

بە دەرچوونی ئەو رێنماییە رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی مۆڵەتدانی سزادراوان و هەموارەکانی هەڵدەوەشێتەوە و کاریان پێ ناکرێت.

**ماددەی(١٢):**

ئەم رێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێکردن لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**